کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٣٩٠-نیوەی ئەووەڵی خەزەڵوەر١٣٩٦-نوامبری ٢٠١٧ ٢٠١١

سەروتار

## بومەلەرزە، داماوی ڕژیم و هاوپشتی جەماوەری

کاتژمێر ٢١ و ٤٨ خولەکی شەوی ٢١ ی مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٦، بومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕی حەوت و دوو دەهوم بە پێوانەی ڕیشتێر، کە بەهێز ترین بومەلەرزەی دنیایە لە ساڵی ٢٠١٧ زاینیدا، بەشێکی بەرین لە کوردستانی ئێران و عێراقی هەژاند. ناوەندی ئەم بومەلەرزەیە شارۆچکەی ئەزگلە لە ئوستانی کرماشان بوو، بەڵام شەپۆلەکەی بەشێکی بەرینی کوردستانی ئێران و عێراقی لەرزاند. نزیك بە دوو ملیۆن کەس کەوتنە ژێر کاریگەری شەپۆلە وێرانگەرەکانی ئەم بومەلەرزەیەوە. ئەگەرچی ڕێژەی زیانەکانی ئەم بومەلەرزەیە هێشتا بە شێوەیەکی وورد روون نەکراوەتەوە، بەڵام باس لە بەسەدان کوژراو، بە هەزاران بریندار دەکرێ و وێرانیەکی بەرین دەبیندرێ.

لە حاڵێکدا کە خەڵکی ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکان لە هەمان سەرەتاوە پێویستی خێرایان بە عەمەلیاتی خاك بەرداری بۆ درهێنانەوەی ئازیزانیان بوو لە ژێر داروپەردوودا و ڕزگارکردنی گیانی سەدەمە دیتوان، کردەوەی بە دەستوبرد و خێرای دەویست، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئەوپەڕی داماوی و بێتوانایی خۆی بۆ جارێکی دیکە، لە کاتی کارەساتی لەم چەشنە پێشاندا. تۆرە کۆمەلایەتیەکان و تەنانەت رۆژنامەکانی چاپی تارانیش کە لە لە ژێر تیغی سانسوردا دەر دەچن، پڕن لە دیمەنی زیندووی نیشاندانی ئەو سەر لێشێواوی و داماویەی کاربە دەستانی رژیم.

هەموان دەزانن کە لە عەمەلیاتی ئیمداد و ڕزگار کردندا ٢٤ کاتژمێری سەرەتای دوای بومەلەرزەکە، وەك کاتێکی زێڕین لە ڕزگار کردن چاوی لێدەکرێت. هەرچی زیاتر بەسەر کاتی زێڕیندا تێپەڕێت ئەگەری بە زیندویی مانەوەی کەسانی ژێر داروپەردووەکە کەمتر دەبێتەوە. جا لەبەر ئەوەیەکە چرکەکانیش لە عەمەلیاتی یارمەتی گەیاندن و ڕزگار کردندا چارەنووس سازن. هەر بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی زیاتربوونی خەسارەتی گیانی، لە بومەلەرزەی ئوستانی کرماشاندا بە هێواشی جوڵانەوەی ناوەندە حکومەتییەکان بووە بۆ ڕزگار کردنی خەڵك. لەوەها کاتێکدا ئەگەر نەریتی ئینسان دۆستیو هەستی هاحەمی و هاوپشتی بە هێز لە ناو جەماوەردا، کە بە تایبەت لەم جۆرە کاتانەدا خۆی نیشان دەدات و دەچن بە هانای یەکترەوە، نەبێت، ئاسەواری وێرانگەری کارەساتەکە دوو هێندە ئەبێت.

لە وڵاتێکی وەك ئێران کە لەسەر هێڵی بومەلەرزیە و هەر چەند ساڵ جارێك دەبێتە قوربانگای بە هەزاران ئینسان. زۆربەی ماڵەکانی خەڵکی هەژار و کەم داهات روخەك و ناقایمن و توانایی خۆڕاگرییان لە بەرانبەر رووداوە سروشتیەکان و لەوانە بومەلەرزەدا نییە. بیناکانی ناسراو بە « تەرحی مەسکەنی مێهر» کە بە ملیارد دۆلاریان تێدا هەزینە کراوە، پرۆژەکەی بە پارەی خودی خەڵك، بەڵام لە لایەن دەوڵەتەوە بەریەوەچۆە و قەرار بوو کە ئەو ئیمکانە بە خەڵکی کەم داهات بدات تا ببنە خاوەنی سەرپەنایەکی ئەمرۆیی، هەروەك پێش بینی دەکرا، لەم یەکەم رووداوی سروشتیدا، بەم شێوە پڕ کارەساتە تاقی کرانەوە.

بومەلەرزە بەڵایەکی وێرانگەری سروشتیە. بەڵام ئەم بەڵایەش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا بە چەند قات کارەساتبارترە. ئاسەوارەکانی ئەم روداوە تا ئاستێکی باڵا دەکرێ کەم بکرێتەوە. ئەو ماڵانەی کە زۆربەی خەڵك لەواندا ئەژین ناقایم و روخەکن و بە کەرەسەی بیناسازی نا ستاندارد و بە بێ کۆنترۆڵ و چاودێری جیدی دروستکراون. ساڵانێکە کە خەڵك سکاڵایان لە شێوەی بیناکردنی پرۆژەی مەسکەنی میهر هەیە و کەس گوێیان بۆ ناگرێ. هەموان دەزانن کە پارەی خەڵکیان قووت داوە و بە کەرەسەی هەرزان بایی و نا ستاندارد، و بە پەلە پێکەوەنراون. ڕادەی وێرانی بیناکانی ئەم پرۆژەیە تەنانەت لەگەڵ ڕێژەی خەسارەتی بینا بساز بفرۆشەکانیشدا کە لە لایەن قازانج پەرستانەوە دروست دەکرێن، شیاوی بەراورد کردن نییە.

ئەو خەڵکە هەژارەی کە لەم جۆرە بینایانەدا دەژین، قوربانیانی بەردەوامی ئەم جۆرە بەڵا سروشتیانەن. لە وڵاتێکدا

ل٢

## سیناریۆیەک کە بۆنی شەڕ و خوێنی لێدێت!

ل٢



## تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر بەیانیەی بالفور دا

ل٣



## لە یادی سەدەمین ساڵی شۆڕشی کرێکاری ئۆکتۆبردا

ل٦




## سێزدەی خەزەڵوەر بە ڕیوایەتی شۆڕش و دژی شۆڕش

ل٨

## بەرەو لووتکەی ئاوات! فەرەیدوون نازری

ل٥

## وتوویژ لەگەڵ عەلی ئەشرەفی دەروێشیان

لە فارسیەوە: سەعید ئەمانی

ل ٤

Workers of all countries, unite!

# PESHRAW

No: 390-NOV. 2017

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# سێزدەی خەزەڵوەر بە ڕیوایەتی شۆڕش و دژی شۆڕش



بە شێوەی ئاسایی هەموو ساڵێك مەڕاسمی فەرمایشی ١٣ ی ئابان بەیانی ڕۆژی شەممە هاوکات لە تاران و باقی شارەکانی دیکەی ئێران بەڕێوەچوو. ئەم مەڕاسمە لە تاران دانانی موشەکێکی دوور هاوێژی لە بەردەم بینای سەفارەتی پێشوی ئەمریکای لەگەڵدا بوو. لە تاران هەروەها تابوتێك لەژێر ناوی " وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا" بەسەر شانی ژمارەیەك قوتابییەوە بوو. ڕاگەیەنەرە نێوخۆیی و ڕادیۆتەلەویزیۆنەکان بە گەرم و گوڕیەوە ئەم شانۆگەریە گاڵتەجاڕەیان بە سەحنەسازی و دروشمی تێکراریەوە بڵاو کردەوە. بەڵام بزانین سیزدەی ئابان کە بەم شێوەیە بۆتە ناوەرۆکی تەبلیغات و شانۆگەریە مەسخرەکانی ڕژیم چ ڕۆژێکە؟

سێزدەی خەزەڵوەر لە ئێران، لە ڕاستیدا ساڵرۆژی چەند ڕووداوی گرنگە. ساڵرۆژی کوشتاری قوتابیانە لە ساڵی ١٣٥٧ لە لایەن جەنایەتکارانی حکومەتی پەهلەویەوە، ساڵرۆژی داگیر کرانی سفارەتی ئەمریکایە لە لایەن حیزب اللەیەکانی پەیرەوی خومەینیەوە، ساڵرۆژی هاتنە مەیدانی سەدان هەزار کەسی قوتابیان و خوێندکارانە لەدژی کودتای هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرۆك کۆماری و هەروەها ڕۆژی کۆتایی هەفتەی بەسیجی دانش ئاموزیە. جیاوازی لە نێوان ئەو بۆنانەدا کە بەناوی دانش ئاموز لە ڕۆژی ١٣ ی ئاباندا بەڕێوەدەچن، جیاوازییە لەنێوان شۆڕش و دژی شۆڕشدا لە ئێران.

بۆنەی یەکەم، لە ڕۆژی ١٣ ی ئابانی ساڵی ١٣٥٧ دا و لە سەرودەمی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکدا، ژمارەیەك لە قوتابیان بە ڕەواڵی ئاسایی ئەو سەردەمە لە مەحوەتەی زانکۆی تاران کۆبوونەوە و لەگەڵ خوێندکاراندا دەستیاندایە خۆپیشاندان؛ هێزەکانی حکومەتی نیزامی دەوڵەتی " شەریف ئیمامی" بەرەو ڕووی ئەوان تەقەیان کرد و لە ئاکامدا ژمارەیەك لە قوتابیان گیانیان لە دەستدا. دەوڵەتی شەریف ئیمامی کە کوشتاری خوێناوی ١٧ ی خرمانانی ئەو ساڵەشی لە مەیدانی ژالەی تاران لە پەروەندەدا هەبوو، ڕۆژێك دوای کوشتاری دانش ئاموزان لە زانکۆی تاران روخا. دوای روداوی خوێناوی ١٣ ی ئابانی ساڵی ١٣٥٧، ئەم ڕۆژە وەك " ڕۆژی دانش ئاموز" دیاری کراوە.

بۆنەی دووهەم، ساڵێك دوای کارەساتی خوێناوی زانکۆی تاران، لە وەها ڕۆژێکدا لە کردارێکی سازمان درواداا لەلایەن حیزب اللەی لایەنگری خومەینیەوە، سفارەتی ئەمریکا لە تاران داگیر کرا. ڕێکخەرانی شانۆی فریوکارانەی داگیر کردنی سفارەتی ئەمریکا، بەو کردارەیان کە نزیك بە ساڵ و نیوێك بەردەوام بوو، سفارەتی داگیر کراوی ئەمریکایان کردە ناوەندی ڕاگەیاندنی سیاستەکانی حاکمیەتی دژی شۆڕشی سەرانی ڕژیم. داگیر کرانی سفارەتی ئەمریکا ئەساسەن بە فەرمانی خومەینی بەڕێوەچوو بوو، لەوێوە کە دەورێکی گرنگی لە پاشەکشە پێکردن بە ڕەوتە چەپ و ڕادیکاڵەکاندا و سەرکوتی شۆڕشدا هەبوو، خومەینی ئەوی بە " شۆڕشی دووهەم" ناوبرد؛ بەڵام شۆڕشی دووهەم هیچ شتێك نەبوو بێجگە لە درێژەی سەرکوتی شۆڕشی ئازادی خوازانەی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆنەپەرستی ئیسلامی حاکمەوە. دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا کە لەو ڕۆژەوە بە توندی و حەرارەتی زۆرەوە لە لایەن حیزب اللەیەکان و تەیفی لایەنگرانی خومەینیەوە تێکرار دەکرێتەوە، بۆتە سەرپۆشێك بۆ سەرکوتی هەموو دنگێکی نەیار و ناڕازی. لەو ڕۆژە بەدواوە دارودەستە تەحریك کراوەکانی حیزب اللەیی کەوتنە گیانی کومونیستەکان و هەموو دەنگێکی ئازادی خوازانە و سیکۆلار کە دەبیسترا و لێاندان و گرتیانن و کوشتنیانن. ئەم ڕووداوە سەرەتای سەرکوتی شۆڕشی ئازادی خوازانەی خەڵکی ئێران بوو لە لایەن کۆنە پەرستی حاکمەوە. شۆڕشێك کە ڕژیمی شا نەیتوانیبوو سەرکوتی بکات دوای ڕووداوی داگیر کرانی سفارەتی ئەمریکا، سەرکوت کردنی بە شێوەیەکی زۆر توند و خوێناوی لە لایەن ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتو بەردەوامی پێدرا. گەلێك لە ڕێکخەرانی ئەو دەورانەی سفارەتی ئەمریکا، دواتر بوونە بەشێك لە بنیاد نەرانی سپای پاسداران و دەزگا ئیتلاعاتیەکانی ڕژیم و تۆڕی ئەشکەنجەگەرانی و زیندانوانان.

بۆنەی سێهەم، لە ١٣ ی ئابانی ساڵی ١٣٨٨ دا کە نزیکەی ٥ مانگ لە ڕاگەیاندنی ئاکامی دەیەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تێپەڕیبوو، لە ڕێز گرتن لەم ڕۆژە و لە درێژەی ئاخێزی جەماوەری، خۆپیشاندانێکی گەورە کەوتە ڕێ کە لە ڕاستیدا ناڕەزایەتی لەدژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەگەرچی ڕێبەرانی جەریانی ئوپوزسیۆنی دەرکراو لە دەسەڵات هەوڵیان ئەدا بەر بە لاوان بگرن بۆ بەشداری کردن لە هەموو جۆرە حەرەکەتێکی دژ بە کولیەتی ڕژیمی ئیسلامی، بەڵام لاوان بە دروشمی " مەرگ بۆ دیکتاتۆڕ" ئیبتیکاری عەمەل و هیدایەتی ئەم خۆپیشاندانەیان بەدەستەوە گرت.

بۆنەی چوارەم، هەموو ساڵێك بەرنامەکانی حەفتەی بەسیجی دانش ئاموزی لە ڕۆژی ٧ ی خەڵوەرەوە دەست پێدەکات و تا کۆتایی ڕۆژی ١٣ ی ئەو مانگە دەرێژەی دەبێت. ڕۆژی بەسیجی دانش ئاموزی لە کۆماری ئیسلامیدا بۆیادی منداڵێکی قوربانی بەناوی " حسەین فەهمیدە" ناو ناراوە. فەرماندەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕۆژی ٨ ی خەزەڵوەری ساڵی ٥٨ دا ئەم منداڵە قوتابیەیان لە عەمەلیاتێکی خۆکوژیدا، بە نارجۆکی بەستراو بە بشتێنەیەوە، نارده ژێر تانکی عێراقیەکانەوە. ئەم منداڵە بێتاوانە، کە لە کاتی لەتوکوت بوونیدا لە کوت ی شێخ، لەودیو روباری خوڕەمشارەوە تەنیا ١٣ ساڵ تەمەنی بوو، بوو بە پێشقەراوڵی ٣٩ هەزار منداڵی قوتابی کە دواتر لە لایەن سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامیەوە وەك خاوێن کەرەوەی مەیدانەکانی مین و لە عەمەلیاتەکانی هاوشێوە لە شەڕی ئێران و عێراقدا بوونە قوربانی. لەبەرانبەر هەوڵەکانی ڕژیمدا بۆ پەرەدان بە سازمانی بەسیجی دانش ئاموزی و بەکار هێنانیان بە ئامانجی بە پۆلیسی کردنی فەزای شوێنە ئاموزشیەکان، لەمرۆدا بە هیممەتی دانش ئاموزانی پێشڕەو و تێکۆشەر بە یارمەتی مامۆستایانی ئازادی خواز، لەم پرۆژەیە ڕژیم هیچ شتێکی بێجگە لە تەشکیلاتێکی فۆرماڵ بۆ ڕاکێشانی دانش ئاموزان بۆ شانۆگەریەکانی لە چەشنی ئەوەی دوێنێ بەڕێوەچوو، بۆ نەماوەتەوە.

بەڵام لەودیو هەوڵەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا بۆ مسادرەی ئەم بۆنە خەباتکارانەیەوە، بۆ دانش ئاموزان و خوێندکارانی تێکۆشەر، سێزدەی ئابان وەبیر هێنەرەوەی گیان فیدایی ئەو ئازیزانەیە کە لە بەرانبەر هەردوو کۆنەپەرستی ئیسلامی و سەڵتەنەتیدا سینگیان کردە قەڵغان و شان بەشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەدژی کۆنەپەرستی حاکم و بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی گیانیان بەخت کرد.

***

دواستون

## سنورە کانی گەندەڵی

کاروانی ناردنی یارمەتی جەماوەری بۆ ناوچە بومەلەرزە لێدراوەکانی ئوستانی کرماشان، بە شەو و بە ڕۆژ بەریەوەیە. خەڵك لە هەر شتێك کە هەیانە، مایە دادەنێن. بۆ نمونە کەسێك لە پیرانشار، لەسەر کەلوپەلێك کە پێشکەشی کردوە نووسیویەتی:» ئەم دیاریەم بە کۆڵبەری بە دەست هێناوە، ئازاری ئێوە ئازاری منیشە.» گومانی تێدا نییە کە یارمەتی گەیاندنی کاریگەر، تەنیا لە ڕێگای ڕێکخستن و بەرنامەڕێژی ڕێك و پێك و هاوئاهەنگەوە مەیسەر دەبێت. بەڵام بابەتەکە، لە یارمەتی گەیاندن دەرچۆە و بۆتە بابەتێك کە هیمای بەرەرووبونەوەی جەماوەر و دەسەڵاتە. جەماوەری خەڵك متمانەیان بەم ڕژیمە و دامودەزگاکانی نییە. ئەم بێ متمانەییە ڕیشەدارە و هۆکارەکانیشی دیارن. لە هەمان ساتەکانی سەرەتای ڕوودانی بومەلەرزەکەوە، کەمتەرخەمی، پشتگوێدان، کەم کاری، بێتوانایی، غافڵگیر بوون، یان هەر ناوێکی دیکەی لێ بنێین، لە لایەن ڕژیمەوە، بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بوو. بە تەجروبە دەرکەوتبوو وە لەم بابەتەشدا بە تێپەڕ بوونی کات روون بۆوە کە دەوڵەت ئەو ئەرکانەی کە لەم کاتانەدا دەکەوێتە ئەستۆی، بە باشی بەڕێوەنابات. بەڵام خەڵکی کوردستان بومەلەرزە لێدراوانیان لە چاوەڕوانی یارمەتیە دەوڵەتی دا ڕانەگرت. بە شێوەی ڕێکخراو بوو بێت و یان بەبێ ڕێکخستن، هێزی جەماوەر کەوتە کار. لەم جەریانەدا خەڵك هەم دەبوو بە خێرایی بچیت بە یارمەتی بومەلەرزە لێدراوانەوە هەم کارشکێنیەکانی دەوڵەت و بە تایبەت سپای پاسداران پوچەڵ بکاتەوە.

بەڵام لە راستیدا هێندێك کەلوپەل و ئیمکاناتی پێویست کە دەبوو بەخێرایی بکەونەکار، بە شێوەیەکی سروشتی لە بەردەست خەڵکدا نین. خەڵك هێلی کوپتێری نییە، تا شوێنە زیان لێکەوتوەکان بە تایبەت ئاواییە دوورەکان شناسایی بکەن ، ئامبولانیسان نییە تا برینداەرکان بە شێوەیەکی تەندروست بەگەیەننە نەخۆشخانەکان. خەڵك نەخۆشخانەیان لە بەردەستدا نییە تا بریندارەکان عیلاج کەن ، خەڵك ماشێنی سەنگینیان لەبەر دەستدا نییە تا داروپەردوی ماڵە روخاوەکان لابدەن. تۆڕی ڕاکێشانی ئاو و ئاوەرۆ بە یارمەتی جەماوەری ناکرێ سەرلەنوێ وەکار بخرێتەوە. دابین کرانی کارەبای ناوچەکە، لە توانایی حەرەکەتە جەماوەریەکەدا نییە. خەڵك سەگی تەربیەت کراویان بۆ دۆزینەوەی بریندااران و گیانبەخت کردوان لە بەینی وێرانەکاندا نییە. ئەم جۆرە ئیمکاناتە کە ئەگەر بە شێوەی ڕێکخراو و بەرین، لە لایەن رژیمەوە، کە هەمویانی بە لێشاو لە بەردەست دایە، بەکەوتنایە کار، دەیانتوانی بەر بە بەرز بونەوەی ئاستی خەسارەتی ئینسانی بگرن. ڕەنگە تەنیا باس کردن چەند نمونەیەك بۆ نیشاندانی ڕادەی گەندەڵی لە دامودەزگا دەوڵەتیەکانی کۆماری ئیسلامیدا، کە لە وەها بارودۆخێکدا ئاشکرا تر خۆ دەنوێنێ، بەس بێت:

« ڕێکخراوی مودیریەتی قەیران» ی سەربە وەزارەتی نێوخۆ، بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەرکی ڕیکخستنی فریاکەوتنی لە ئەستۆیە. سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە کەسێکە بە ناوی « ئیسماعیل نەجاڕ»، ئەو کەسە کە زمان لوسی و چاپلوسیەکەی بە ناوبانگە، لە دەورەی ئەحمەدی نژاد دا ئوستانداری کرمان بوو. لە کاتی بومەلەرزەکەی کرماندا لەبەردەم هەواڵنێران و روو لە دوور بینە تەویزیۆنیەکاندا وتبوی:» ماڵێك کە سێ دیواری رووخابوو، دیواری چوارەمی کە وێنەی ئەحمەدی نیژادی پێدا هەڵواسرابوو، بە سالمی مابۆوە. ئەمە لوتفی خوداوەند بە هۆی خزمەتەکانی سەرۆك کۆمار بە ئاواییەکانی ئەم وڵاتە.» وەها کەسێك کە ئێستا پلەی بەرز بۆتەوە و جێگای متمانەی دەوڵەتی روحانیشە، قەرارە کاروباری ڕزگار کردنی بومەلەرزە لێدراوان ڕێکبخات بکات!

تەلەویزیۆنی دەوڵەتی ئێران بە هەڵە چەند بەشێك لە فیلمێکی بڵاو کردەوە، کە تێیدا دوو کەس لە بەرپرسانی حکومەتی گۆیا خەریکی دانی خوێنن بە بریندارانی بومەلەرزەکە. لە هەمان ئەو کورتە فیلمەدا دەبیندرێت کە ئەسڵەن دەرزیان بە دەستدا نەچووە و خوێنیشیان لێ وەرنگیراوە. ئەم شانۆکاریە فریوکارانەیە لە ڕێك کەوتن لەگەڵ پزیشکیاری وەرگری بەریەوە چۆە.

هەواڵنێری دەوڵەتی تەسنیم وێنەی کاروانێك لەو ماشێنە باریانەی بڵاو کردۆتەوە کە گۆیا یارمەتیە دەوڵەتیەکان دەگەیەننە دەست بومەلەرزە لێدراوان. کاربەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، ئاشکرایان کردوە کە ئەم وێنەیە هی ئەو کامیۆنانەیە کە ساڵێك لەوە پێش لە چاوەڕوانی دا وێستاون بۆ تێپەربوون لە سنوری بازرگان و ئەمساڵ بە بەرنامەی فتوشاپ بە شێوەی کامیۆنەکانی یارمەتی گەیاندن لە وێنەکەدا ڕەنگ کراون.

لە نمونەیەکی تردا، هەواڵنێری دەوڵەتی مێهر ڕۆژی ٧ ی خەزەڵوەر باس لە جێگیر بوونی ٨٠٠ دەزگا ئامبولانس لە مەسیری حەرەکەتی عەزادارانی ئەربەعین بۆ کەربەلا، کە لە ئوستانی کرماشانەوە تێدەپەڕین، دەکات، دوو حەفتە دواتر هەولانێری تەسنیم لە زمان ئوستانداری کراماشانەوە باسی لە کەم بوونی ئامبولانس بۆ گواستنەوەی بریندارەکان بۆ نەخوشخانەکان کردوە.

ئەگەر ئەزمونی بومەلەرزەکانی تر لە شوێنە جوراو جۆرەکانی ئێرانیش کە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەواندا، پڕە لە گەندەڵی و بێ کیفایەتی، لەبەرچاو نەگرین، ئەم چەند نمەنەیە وەك مشتێك لە خەروار نیشانی ئەدات کە خەڵك حەقیانە هاوچارەنووسەکانیان لە جەرگەی وەها کارەساتێك دا لە چاوەڕوانی فریاکەوتنی ڕژیمدا رانەگرن.